# عاشووارەکەی سەدر لە تاران

06-10-2019

### نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** دەرکەوتنی موقتەدا سەدر لەنێوان ڕێبەری ئێران و قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس لە عاشوورای ئەمساڵدا لە تاران، ڕووداوێکی گرنگبوو کە دەشێ کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق هەبێت.

دەرکەوتنی موقتەدا سەدر لەنێوان ڕێبەری ئێران و قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس لە عاشوورای ئەمساڵدا لە تاران، ڕووداوێکی گرنگبوو کە دەشێ کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق هەبێت.

سەدر لەکاتێکدا لە تاران دەرکەوت کە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی شیعەی عێراق بە گوڕ و تینەوە بەردەوامن و مشتومڕەکانیش لەسەر کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی درێژەیان هەیە. بێجگە لەوە، پەلکێشکردنی عێراقیش بۆ ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بووەتە بابەتێك کە حاشای لێناکرێت.

چۆن لە دەرکەوتنەکەی سەدر لە تاران تێبگەین؟ لەوەش گرنگتر، ئەمە دەتوانێ چ کاریگەرییەك لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی عێراق دابنێت؟

**بۆچی سەدر لە تاران دەرکەوت؟**

لایەنگرانی سەدر پێیانباشە سەردانەکەی ئەو بۆ تاران بە بابەتێکی ناسیاسی هەژمار بکەن و زیاتر بەرگێکی ئایینی و شەخسیی بە باڵایدا بدروون. تەنانەت هەندێکیان بڵاوکردنەوەی وێنەی دانیشتنەکەی موقتەدا سەدر لەنێوان خامنەیی و سلێمانی، بە بابەتێکی سیاسەتی ناوخۆیی ئێران هەژمار دەکەن. بەڵام، پێدەچێ بۆ ئەو کەسانەی کە بەدواداچوونی سیاسەتی عێراق و ناوچەکە دەکەن، ئەستەمبێ باوەڕ بەم پاساوە بکەن. چونکە لە عاشووراکانی ڕابردوودا، سەدر دیمەنێکی وای پێشاننەداوە و دەمێکیشە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا سارد و سڕە.

بۆچوونێکی دیکەش باس لەوەدەکات کە لەوانەیە موقتەدا سەدر بۆ ڕیککەوتن لەگەڵ ئێرانییەکان سەبارەت بە تێپەڕکردنی عادل عەبدولمەهدی سەردانی تارانی کردبێت. بەڵام ئەمەش ناچێتە عەقڵەوە. چونکە، سەرەڕای گوشار و ڕەخنەکان، هێشتا هیچ هەوڵێکی بەرچاوی سائیرون- سەدر بۆ لابردنی عەبدولمەهدی بەرچاو ناکەوێت.

بەڕای هەندێکی دیکەش، لەوانەیە سەدر خەریکی ناوبژیوانی ئێران و سعودیە بێت و، پێدەچێ لەبەرئەوە سەردانی تارانی کردبێت. ڕاستییەکەی، ئێران و سعودییە کەناڵێکی بەهێزتریان لە عێراق و سەدر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن گفتوگۆ بکەن. ئەوان دەتوانن لەڕێگەی هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو یان تەنانەت ڕاستەوخۆ پەیام بۆ یەك بنێرن ئەگەر مەیلی دانووستاندنیان هەبێت، نەك سەدر کە ماوەیەك لەگەڵ ئێرانییەکان لەیەکتر لالووت بوون.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت چەند هۆکارێك بۆ دەرکەوتنەکەی موقتەدا سەدر لە تاران دەستنیشانبکرێن:

**یەکەم: ڕۆڵی ئایەتوڵڵا کازمی حائیری و کێشەی ناوخۆیی شیعە لە عێراق**

دوای هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆسەر بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە پێیوانییە ئەوە کاری ئیسرائیل بێت و لەگەڵ بەشێك لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبیش سەبارەت بە ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی حکومەت و بابەتی دروستکردنی هێزی ئاسمانی حەشدی شەعبی کەوتە ناکۆکییەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، ئایەتوڵڵا سەید کازمی حائیری حسێنی کە بە ئەسڵ کەربەلاییە و لە حەوزەی علمییەی قوم وانە دەڵێتەوە، فەتوایەکی سەبارەت بە حەرامکردنی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەرکرد. کازمی حائیری لە فەتواکەیدا حەشدی شەعبی بە "موقەدەس" ناوبردووە. قسەکانی ئەم ئایەتوڵڵایەش بۆ سەدر گرنگە و ناتوانێ لێیان بێخەم بێت. چونکە، باوکی سەدر وەسییەتی کردووە شیعەکان پەیڕەوی لەم ئایەتوڵڵایە بکەن! ئەگەر سەدر گوێ بەمە نەدات، دوورنییە بەشێك لەو لایەنگرانەی لێی بتەکێتەوە کە"تەقلید"ی کازمی حائیری دەکەن. بە ئەگەری زۆر، سەدر ناتوانێ بە تەواوی واز لە گوتارەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە سەربەخۆیی سیاسەتی عێراق بێنیت، بەڵام ململانێی زیاتر لەگەڵ حەشدی شەعبی( بەشێك لەو هێزە) و گوێنەدان بە کازمی حائیری، پوتانسیێلی دابەشکردنێکی دیکەی لەنێو سەدرییەکان تێدایە کە زەحمەتە لەم ئان و ساتەدا موقتەدا سەدر ریسکێکی وا لە پێشچاو بگرێت.

موقتەدا سەدر جەند جارێك هۆشداری داوەتە حکومەت و خوازیاری ئەوە بووە کە بێلایەن بێت و بەلای هەندێکدا نەیشکێنێتەوە. دەشێ ئەمەش ئاماژەبێ بۆ ئەو نیگەرانیانەی کە سەبارەت بە پێدانی پۆستی گرنگ بە هەندێك لە بەرپرسانی بەدر و داشکاندنی سیاسەتەکان بەلای فراکسیۆنە رکابەرەکەی سەدر لە ئارادان. دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دەتوانێ کاریگەری لەسەر کێشەی نێوان سەدر و لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت هەبێت.

**دووەم: پەیوەندی پڕ لە هەڵبەز و دابەزی سەدر لەگەڵ ئێران، بەڵام بەردەوام**

سەدر لە بنەماڵەیەکی نێوداری شیعەیە کە لەرێگەی خێزانەکەیەوە بە خاڵێکی بەیەکگەیشتنی سیاسەت و مەزهەب لە عێراق و لوبنان و ئێران هەژمار دەکرێت. خزمایەتی سەدرییەکانی عێراق و لوبنان لەگەڵ یەکتری و بەیەکگەیشتنیشیان بە ماڵەکانی خومەینی و خاتەمی( ئێران) لەرێگەی هاوسەرگیرییەوە، گرێیەکی ئەو پەیوەندییە سیاسی- مەزهەبییەن. جگە لەوە، حەسەن نەسروڵڵای رێبەری حیزبوڵڵای لوبنانیش تیکەڵاوییەکی بەهیزی لەگەڵ بنەماڵەی سەدرییەکان هەبووە و دەشێ رۆڵێکیشی لە پەیوەندی ئێران و سەدردا هەبێت.

نووسینگەی تایبەتی موقتەدا سەدر، تائێستا سیفەتی "حوجەتولئیسلام وەلموسلمین"ی بۆ بەکاردێنێت کە لە کۆی پێنج پلە، سێیەم پلەی رۆحانییەکانی شیعەیە. بەڵام کەسانی نزیك لەو نەیانشاردووەتەوە کە بەتەمای وەرگرتنی پلەی ئایەتوڵڵاییە کە پێدەچێ جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەوزەی قوم (ئێران) و حەوزەی نەجەف (ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی) هۆکارێك بووبێ کە تائێستا نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە. موقتەدا سەدر وانەی (خارج)ی لە قوم وەرگرتووە کە مەرجێکی وەرگرتنی پلەی ئاتوڵڵاییە، بەڵام تائیستا بەو مەرامەی نەگەیشتووە. سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێك لە ئێران ماوەتەوە و وانەی دینی خوێندووە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە لە نیوەی دووەمی 2000ەکان بەدواوە سارد و سڕی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تاران درووستبوو. کار گەیشتە ئەوەی کە لایەنگرانی سەدر تەنانەت لەگەڵ گرووپە شیعییەکانی نزیك لە ئێرانیش لە یەکیاندا و دژی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانیش درووشمیان گوتەوە(یا قاسم سليماني..... هژا صدر رباني). سەدر زیاتر لە سیاسەتێکی مەزهەبی، رووی لە گوتارێکی ناسیۆنالیستی- دینی کرد و لە دەرئەنجامی ئەوەشدا پەیوەندی لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی سوننە مەزهەبیشدا گەشەپێدا. ئەو پێشتر رایگەیاندبوو کە دژی دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، بەڵام ناشیەوێت عێراق ببێتە مەیدانی دژایەتیکردنی دراوسێیەکانی کە ئاماژەیەکە بۆ کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە. هەڵبەت لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەپچڕاند و لە ئاستی ناوخۆیی عێراقیشدا، سەرئەنجام رازیبووە لەگەڵ ژمارەیەك لەو هێزانەی کە بە نزیك لە ئێران دەناسرێن، ببێتە کۆڵەگەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەت!

**سێیەم: سوپرایزەکانی سەدر**

موقتەدا سەدر بە کەسایەتییەك نێوبانگی درکردووە کە جارجار بڕیاری کتوپڕ دەدات. لەم ماوەیەی دواییشدا، مەیلی بەکارهێنانی تویتەری زیادبووە و بەشێك لە پەیامەکانی لەو رێگەیەوە دەگەیێنێت. ئەمەش وایکردووە کە تاوەکو ئەندازەیەك هاوشێوەی سەرۆك ترەمپ بێت لە ئەمریکا!

موقتەدا سەدر جەند جارێك بڕیارداوە و دواتر بەجۆریك لێی پەشیمانبووەتەوە. وەك هەڵوەشاندنەوەی سوپای مەهدی کە دواتر بە ناوی (سەرایا سەلام) داینایەوە، لەگەڵ بڕیاری تەرکی سیاسەت کە دواتر رووی تێکردەوە. دەشێ ئەمەی ئێستاش، بڕیاریکی دیکەی کتوپڕبێ بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران.

**ئەنجام**

سەردانەکەی موقتەدا سەدر بۆ ئێران، ئەویش دوای قۆناخێکی سارد و سڕ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، ناتوانێ سیاسی نەبێت. پێگەی ئایینی- سیاسی سەدر وابەستەی دنیای شیعییە و لەوەشدا لە چەند خاڵێکی وەك وابەستەیی خێزانی و وابەستەیی ئایینی، بە ئێرانەوە دەبەسترێتەوە. جگە لەوە، لەڕووی سیاسیشەوە پێگەکەی لە سیاسەتی ئێستای عێراقدا و دۆخی حکومەتیش، تاوەکو ئەندازەیەکی زۆر گرێدراوی چۆنییەتی مامەڵەی سەدرن لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە بە نزیکی ئێران هەژمار دەکرێن. پێچەوانەوەی ئەوەی باسدەکرێت، رەنگە گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی لەم قۆناخەدا بە قازانجی سەدر نەبێت و ئەمەش تاوەکو ئەندازەیەك وابەستەی هێورکردنەوەی گرژییە ناوخۆییەکانە کە لەوەشدا ناتوانێ رۆڵی ئێران لەپێش چاو نەگرێت.

بە ئەگەری زۆر، دەرکەوتنەکەی سەدر لەنێوان خامنەیی و سلێمانی لە تاران، بە کەمکردنەوەی لانیکەم کورتخایەنی ناکۆکییە ناخۆییەکانی شیعە و بەتایبەتی ناکۆکییەکانی سەدر لەگەڵ بەشێك لە حەشدی شەعبی تەرجەمە دەبێتەوە.